# له (سه‌لام عه‌بدوڵڵا) وه‌ بۆ كاك سه‌لام عه‌بدوڵڵا. . . !

## سه‌لام عه‌بدوڵڵا ئیبراهیم

بۆ برای بەڕێزم كاك سەلام عەبدوڵڵا (من ئەو سەلام عەبدوڵڵا–یەم كە لە حاڵی حازر، لەكاتی نووسینی ئەم نامەیە لە ئەڵمانیا دەژێم، و ئەم نامەیە بۆ ئەو كاك (سەلام عەبدوڵڵا) یە كە ئێستا لە هەولێرە)

بۆ یەكەم جارە كاك سەلام عەبدوڵڵا نامەیەكی ئیلكترۆنی ئاراستە كردووم، تێدا داوام لێدەكا، لەمەودوا بە ناوی (سەلام عەبدوڵڵا) وە ووتار بلاو نەكەمەوە، بەڵكو بەناوی (سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم) وە. پێشەكی سوپاسی بێپایانی كاك سەلام دەكەم بۆ ناردنی ئەو نامەیە، هیوای ساغ و سەلامەتی بۆ دەخوازم. . . .

من نازانم وەلآمی نامەكەتان كەی كۆتایی پێدێ، رەنگە هەر لە چوارچێوەی نامەنووسین دەربچێ و ببێ بە شتێكی تر، بەلآم بە هەر چییەك بێ، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزتان ناوێكی بۆ دیاری بكەن، ئەگەر نا ئەوا لە ژێر ناوی: نامەیەك لە (سەلام عەبدوڵڵا) وە بۆ سەلام عەبدوڵڵا وبە ناوی سەلام عەبدوللە ئیبراهیم ئەلجاف/ئەلمانیا بۆ بلآوكردنەوە دەینێرم، بێگومان هەولێش دەدەم كورتەیەك لە ژیاننامەكەم بلآوبكەمەوە و بەڕوونی هێما بۆ ئەوەش دەكەم كە من ئێستا نیشتەجێی (جادەی شتیگەمویلم ڤێگ17، 37083گوێتنگن/ئەڵمانیا) م، لەدایكبوویسالّی1957لە شاری خانەقین، گەڕەكی (عەبدوڵڵا بگ) م. ئەم ئەدرەسە تا پێشی دیپۆرتكردنی زۆرەملی خێزانەكەمان بۆ (كەلار) درووست بوو، با بلّێم بەرلەوەی دایك و باوكم ماڵ ئاوایی بكەن و پێش ئەوەی وەسیەتەكەشیان جێبەجێ بێ، واتە، پێش ئەوەی دایكم بە پێخاوسی لە كەلارەوە بۆ خانەقی بگەڕێتەوە.

برای هێژام كاكە سەلام: "گرفتی"ناو، تەنها لەگەڵ بەڕێزتان نەهاتووەتە پێشەوە، بەڵكو ئەو كاتەی وتارە عەرەبییەكانم بەناوی باوكی پرافدا بلآودەكردەوە، كادرێكی حزبی شیوعی عیراق لە مۆسكو، بەهەمان ناوەوە وتارەكانی بلآودەكردەوە، بەداخەوە ناچار بووم ناوەكەم بگۆڕم. بڕوا بكەن كاتێ گوڕە سەگبابەكەم لەدایك بوو، حەزم كرد ناوی بنێم پراڤدا، بەلآم خەمتان نەبێ" قیرسیا، بیست ساڵی تریش بێ، هەر تەنها بۆ ئەوەی ناوی منداڵێكم بنێم پراڤدا، دەبێ مشتە قوڕێكی تر بەسەری خۆم بكەم و ببم بە باوكی منداڵێكی تر، ئەمما دایكیان كێ دەبێ، ئەوا وەك شاملۆ دەڵێ (ناوی لە نهێنییەكانە) ، جا كێ دەزانی كەی و چۆن و لە كوێ و بۆ لەناو میحرابی عیشقدا دەتوێتەوە؟!. . .

بۆ ئاگاداریتان، ماوەیەك بەناوی (سەلام ئیبراهیم) ەوە ووتارم بلآودەكردەوە، ئەمجارەشیان لەبری یەك نووسەر، دوو نووسەر بەم ناوەوەوە لێم راست بوونەوە! یەكێكیان ئەندامی كۆمیتەی مەركزی حیزبێكی عیراقییە، نازانم ماوە یا مردووە، و دووهەمەكەشیان ئێستا لە رۆژنامەی ئەلموئتەمەر نووسین بلآودەكاتەوە. ئەوە چەندین ساڵە بە عەرەبی نانووسم، ئەوە نەبێ پاش روخاندنی سەددام، چەند وتارێكم نووسی و بەناوی (سلام عبدوڵڵا) وە بلآوكردەوەو بڕوا ناكەم درێژەی پێبدەم، مەگە ناچاری بێ.

پێشی چەند ساڵێك، برایەك لە كوردستان گەڕایەوەو پێی گوتم (نووسەرێك و بەرپرسێكی پارتی بەناوی سەلام عەبدوڵڵا، لەسەر تەلەفزیون گوتی" كابرایەك هەیە، بەناوی منەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەكان ووتار بلآو دەكاتەوە") . ئەوەی ڕاستی بێ، بڕوام نەكرد، بەلآم پاش ئەو ئاگاداركردنەوەیە، ئیتر منیش بەناو (سەلام عەبدوللە ئیبراهیم) ەوە ووتارەكانم بلآودەكردەوە. لەو كاتەشدا گرفتی ئەوەش دەهاتە پێشەوە كە هەندێ لە بەرپرسی رۆژنامەكان دەیانووت (ناوەكەت درێژە، پێویست بە بلآوكردنەوەی ناوی باپیرە ناكات!) بۆیە تەنها (سەلام عەبدوڵڵا) یان دەنووسی. هەندێ جار وەمنووسی (سەلام عەبدوڵڵا، ئەلمانیا) ، چونكە بەرێزتان لە كوردستان دەژێن. هەروا بۆ ئەوەی ناوەكانمان تێكەڵ نەبێ، لە سایتەكانی ئینترنێتیش وێنەكەم لە گەڵ بابەتەكان بلآودەكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیتر خوێنەرانی بەڕێز ناوەكانمان تێكەڵ نەكەن و بزانن كام ووتار لە لایەن كام سەلام عەبدوڵڵاوە نووسراوە، جیاوازییە هەر گەورەكەی نێوانمان بە خوێنەران بگەیەنم: لە وێنەكەم بەڕوونی دەردەكەوێ كە ڕەنگی سمێڵم سوورە، بەبێ ئەوەی پەیوەندیم بە هەمزە ئاغاوەوە هەبێ یا هەر پەیوەندییەك بە

بنەماڵەی ئاغاکانەوە، و رەنگی سمێلی بەڕێزتان ڕەشە! جا خوێنەرێك بە ڕەنگی سمێڵ نەزانێ کام سەلام عەبدوڵلاّ خاوەن ووتارەکەیە، ئیتر باشترێکە دەست لە خوێندنەوە هەڵبگرێت!

بەڕێزم:

چەندین جار پرسیاریان لێ کردووم: (تۆ ووتار لە گولأن بلأودەکەیتەوە؟)

منیش هەر جارێك بەشێوەیەك وەلأمیانم داوەتەوە، بۆ نموونە:

– نەخێر، ئەوە کاکە (سەلام عەبدوڵلاّ) یەکی ترە، ئەو خەڵکی کەرکوکە، من خەڵکی خانەقینم!

– نەخێر، ئەوە کاك سەلامێکی ترە، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە. وەك دەزانن، من خۆم بە مارکسی دەزانم و سەر بەهیچ حزبێك نیم، هەر وا بۆ داهاتووش نیازم نییە بچمە ریزی هیچ حزب وگروپێکەوە) .

–نەخێر، ئەو برایە یەکێکە لە 2پارێزەرەکانی کەرکوك! منیش چاویشم دەربچێ ناگەم بەو پلەوپایەیە، ئاخر من کەڵکی پلەوپایەم نییە، لێشی نازانم. کاتێ بۆ لای بەرپرسێك دەچم، سەیرم لێ دێ چۆن ڕێ بە خۆی دەدا، لەپشت مێزێکی پان و بەرین دابنشێ، 4–5تەلەفۆنی لە تەنیشت بێ و دوو کەس لەبەر دەرگایەکەی ڕابووەستێ، کاتێ تێدەپەڕێ، پۆلیسەکان بە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی مەعقولیان بەدەستەوە بێ، سەلأوی لێ دەکەن، فەرمانبەرەکانیش بە حورمەتێکی زیادەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن! هەروا گەر لێرەوە تا کوردستان فەرشی سوورم بۆ ڕامالأن (من چۆن پێ بەسەر ڕەنگی سوور دەنێم، ئەوە ئیشی من نییە، رەنگی سوور تەنها بۆ ئەوەیە بەرز رابگیرێت) ، نزیکی پلەوپایە نابمەوە، چونگێ بە بڤەیان دەزانم! بۆ نموونە ئەگەر لە هەولێر بم، حەز دەکەم لە چایخانەی عەبۆ دابنیشم و هەندێ جار لە گازینۆی (یالێلی شیمال–کاتی خۆی کابرایەك لەم گازینۆیەوە تەلەفۆنی کرد بۆ برادەرێکی و منیش گویم لێ بوو پێی گوت: من ئێستا لە گازینۆی یالێلی شیمالم، مەبەستی لەیالی شیمال بوو) . ئەوەی ڕاستی بێ، من هەندێ جار کرێکارم و زۆر جار بێکار، جا شەرکەتەکان چۆن کار بە کەسێك دەدەن تەمەنی لەسەرووی 45ساڵ بێ!)

– نەخێر، ئەوە کاك (سەلام عەبدوللە) ی سەر بە رێکخراوی ئالأی شۆڕشە. من ئالأی شۆڕش نەبووم، تەنها ئەوە نەبێ"سەرکردە مێژووییەکانی رزگاری پرۆلیتاریای عیراقی ئەو حزبە شۆڕشگێرە" برای خۆشەویستم بوون. ئەم برادەرانەش وەك کاك سەلام عەبدوڵلاّ بوون بە خاوەن دەسەلأت

–نەخێر، برا، ئەوە (سەلام عەبدوللە) یەکی ترە قوربان. ئەو لە سوید بوو بە پەنابەر، من لە ئەلمانیا، ئەو دەمێکە"بەهەشتی هەندەران"بەجێهێشت و بۆ کوردستان گەڕایەوە، من هێشتا لە"بەهەشتی" ئەلمانیا دەژیم و باوکی دوو کچ و کوڕێکم بە ناوی (کلارا شیرین، لیسی ژیان و ماریوس ئەڵوەن) ! شوکور وەزعم زۆر باشە و دەستتان ماچ دەکەم!. بەدبەخت وەزعی باشی چی؟ تۆ بووی بە پەن (مەبەستم خۆمە، سەلام عەبدوڵلاّ ئیبراهیم/ ئەلمانیا، گەڕەکی شتیگە مویلن ڤێگ17، 37083گوێتنگن/ ئەلمانیا، ژمارەی تەلەفۆنەکەم: 0049 (0) 551/531408) کابرایەکی زۆر فاشل لە هەموو بوارەکان بە بۆچوونی قسەکەری وەزیرەکانی کوردستان، بەڕێز کاك ستران عەبدوڵلاّ کە ئەو رۆژە لە دیدارێکی تەلەفزیونیدا باسی شێوەی نووسینی رۆژنامەوانی دەکرد، (خۆزگا ئەو ووتارە ببینن کە لە دژی من نووسیبووی، داخەکەم کۆپیم نەکرد و لە سایتی کوردستان مۆنیتۆر نەماوە) تا بزانن ئەم برایە چەند"بەباشی"و بە چ ئەقڵییەتێکەوە دەنووسێ و وەلأم دەدا!

هەر چۆنێك بێ، کاتێ پرسیارێکیان لێکردووم لە بارەی فلأنە ووتار یا نووسینی بەرێزتان، هەر جارێك بە شێوەیەك ئاماژەم بە جیاوازییەك لە جیاوازییەکانی نێوانمان دەکرد. . .

پێشی هەفتەیەك، یەکێك لە پاڵتاك بە نووسین هەمان پرسیاری لێ کردم، منیش بە نووسین ئەم وەلأمەم دایەوە: ئاخر ئەو کەچەڵە و من نا!

بۆ نەگبەتی و چارەڕەشی من، ئەو (بەناوی نهێنی قسەی لەگەڵ دەکردم و نەمدەناسی) نەیدەزانی کەچەڵ چییە، بۆیە بۆم نووسی: سەرڕووت، سەری بێ توك، برۆ تەماشای هەمبانە بۆرینە بکە!

ئا لێره خۆیشم تەماشای هەمبانە بۆرینەم کرد، دەبینم سەری بێ توك، وەك خەڵکی خانەقی (کەچەڵ) ی پێ ناڵێن، بەڵکو (کەچەر) ومانای (کەجەر) یش دەدا کە واتای (قەرەج) دێ–لەگەڵ هەموو رێز و خۆشەویستییەکەم بۆ قەرەجەکان– و چەندین مانای تر کە پێشتر نە بیستومە و نەزانیومە!

برا گیان: بەڕاستی گرفتەکە تەنها جیاوازییەکانی نێوانمان نییە، بەڵکو لە چەندین لایەن لە یەك دەچین، بۆ نموونە:

1/ من مامۆستا بووم، ئێوەش!

2/ بەڕێزتان (وەك دەڵێن) رەنگی چاوتان شینە، منیش رەنگی چاوم سەوزە، بەلاّم خۆیشم نازانم بۆچی " زۆر کەس وا دەزانن" رەنگی چاوم شینە، تەنانەت برادەر و دۆستەکانم پێم دەڵێن سەلام چاوشین! من (سەلام عەبدوڵلاّ ئیبراهیم ئەلجاف، نەك کاك سەلام عەبدوڵلاّ) ئەم هەلە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی پێش مردنم ئەم هەڵەیەش راست بکەمەوە لە بارەی رەنگی چاوم: خزمان، دۆست و برادەران، سوێند بە قەبری مردووەکانم و مردووەکانی ئێوەش دەخۆم کە رەنگی چاوم سەوزە، تکاتان لێ دەکەم ئەو هەڵە مێژووییە راست بکەنەوە و لە مەودوا بە سەلام چاوشین بانگم نەکەن بەڵکو ئەگەر حەز دەکەن، ئەوا بە سەلام چاو سەوز بانگم بکەن، چونکە رەنگی چاوی سەلام عەبدوڵلا شینە، مەبەستم سەلامەکەی ترە، ئەو سەلامە کە لە دووا لاپەڕەکەی گولآن ووتار بلآو دەکاتەوە"!

3/ ئێوە پەنابەر بوون، منیش!

4/ من قرمز بووم (سوور، شیوعی، کۆمونیست) ، ئێوەش!

4/ من خۆم بە لایەنگیری مارکسیزم دەزانم، ئێوەش! یەك"جیاوازی بچووك هەیە"، ئەوەش ئەوەیە، بەڕێزتان مارکسین، بەلاّم ل (صاحبە) پارتی دیموکراتی کوردستان، منیش"بێ صاحب"م!

بەگشتی، بۆ ئەوەی مافی چەندین کەسی خۆشەویستیش نەخۆم، کە بەڕاستی دڵیان خۆشکردووم، پێیان ووتووم: (ئێمە نووسینی سەلام عەبدوڵلاّیەکەی خۆمان دەناسینەوە) !

هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە بە ناوی (س. عەبدوڵلاّ) وە ووتارەکانم بلآوبکەم، بەلاّم دەترسم کاك س–تران عەبدوڵلاّ یەخەم بگرێ یا هەر برادەرێکی تر کە ناوەکە بە پیتی (س) وناوی باوکی بە پیتی (ع) دەستپێدەکەن. . .

بەرێگای ئەم نامەیەشەوە، داوای برایانەو رەجای خوێن لە کاك عومەر فارس (بەرپرسی سایتی کوردستانێت دەکەم) ئەو هەموو سەلام عەبدوڵلاّیە لە شوێنی ووتارەکانم لا ببات و تەنها یەك جار (سەلام عەبدوڵلاّ ئیبراهیم) بنووسێ لەگەڵ ئەدرەسی ئیمیلەکەم و ژمارەی تەلەفۆنەکەم (0049 (0) 551- 5314082) . . .

لە گەل ریزو حورمەتم بۆ هەموو (سەلام عەبدوڵلاّ) کان، بەتایبەتی بۆ ئەو سەلام عەبدوڵلاّیە کە لە گولآن و ڕامان نووسینەکانی بلآودەکاتەوەو ئەوانەی یەکەم پیتی ناویان بە (س) و ناوی باوکیان عەبدوڵلاّیە یا بە پیتی (ع) دەستپێدەکەن. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.